# هاواری د. کەمال لە کۆمەڵگەیەکی بێ داد دا

## شاخەوان شۆڕش

ئاشکرایە د. کەمال خۆی چۆتە بەردەستی دەسەڵات و داوای دادی کردووە, بەپێی تێگەیشتن و دەکومێنتەکانی خۆی, ویستویەتی پەردە لە ڕووی هەندێ کردەوە هەڵداتەوە و ئەوانەش بدرێنە دادگا کە ناڕەوایەتیان بەرامبەر ئەو کردووە. ئەو لە دوو وتاردا گوزارشتێکی کورتی کردارەکانی کردووە و هێرشی کردۆتە سەر نەیارەکانی و هەندێ ووشەی توندی لە شێوەی جوێن بەکارهێناوە.
د. کەمال خۆی دەیزانی چوونەکەی بۆ کوردستان پر مەترسییە, بەڵام ئەو بەپێی گوتنی خۆی, بڕوای بەو هەنگاوەی هەبووە, بڕوای بە گۆڕان و وەرچەرخان هەبوو و پێیوابوو نابێ چیتر بێدەنگ بێت.

وەکو گوترا و بیسترا لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی پارتیەوە د. کەمال سەید قادر فڕێندرا, بۆ ماوەی نزیکەی دوو مانگ زیندانی کرا, پاشان لە دادگایەکی داخراو و بەپەلەی هەولێردا 30 ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە. بەپێی ئەو سەرچاوە کەمانەی لە سزاکەی د. کەمال سەید قادر دواون, ئەو بە تاوانەکانی ناوزڕاندن بەپێی ماددەی 433 و زیانگەیاندن بەئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان بەپێی ماددەی 21 سزا دراوە. د. کەمال دان بەو دادگاییکردنە نانێت و گلیی و ڕەخنەی زۆرە.

بەکورتی ئەوەی کە ڕوویدا شتێکی سەیر نییە و دەکرا ئەنجامی خراپتریش ڕوو بدات, دیارە گەلێ لە دۆستانی د. کەمال هۆشداریان دابووە ئەو بەر لە چوونەوەکەی. لەلایەکی دیکە ئەو بڕیارەی دادگای داخراوی هەولێر دای, گەلێ کەسی تووشی نائومێدی کرد, بەوشێوەیە ئەو دەسەڵاتی دادەی خەڵکێک هیوای هەبوونیان دەخواست, جارێکی دیکە دەرکەوت نەبوو.

ئەگەری سەرهەڵدانی نمونەیەکی ئەوها (هەموو پرۆسەکە و دیاردە پەیوەستدارەکانی) لە وڵاتێکی دیموکراسی و ئازادا زۆر کەمە یا نییە, بەڵام گریمان ئەوە هەبوو و کەسێکی شارەزا, سەرۆک یا کەسانی دیکەی ناسراو تۆمەتبار بکات. ئەگەر ئەو کارە نەبێتەهۆی گیرانی ئەو تۆمەتبار کراوانە یا کەوتنی ئەو سەرۆکە و بەڕێوەبەرایەتیەکەی (ئەویش دوای دەرکەوتنی ناڕەوایی تۆمەتەکان لە دادگادایەکی کراوەدا), کەسەکە سزای پارە یا چەند مانگێک زیندانی بۆ دەبڕدرێتەوە, بێ ئەوەی هیچ لایەنێکی ڕامیاری بۆی هەبێت خۆی تێکەڵی پرۆسەی دادگاییەکە بکات. بۆیە گریمان تۆمەتەکانی ئەو کەسە زۆر ناڕەوا و نابەجێ بن, بەڵام ئەوە ناکرێ ببێتەهۆی ئەوەی ئەو کەسە لە چەند مانگ زیاتر زیندانی بکرێت.

هاواری د. کەمال گوێی لێنەگیرا و کەسیش زاتی ئەوەی نەکرد سەیری داواکاریەکەی ئەو بکات یا ناوی تۆمەتەکان بهێنێت. لەو وڵاتەی د. کەمال بۆ داد گەڕا, داد نەبوو و دەرکەوت (وەکو دەزاندرا) داواکانی

ئەو هەمووی تابوون. دادگا هەر نەیوێراوە لەو تۆمەتانە و ڕاستی ئەو تۆمەتانە بپێچێتەوە, واپێدەچێ دادگا وەکو دادگایەکی سەر بە پارتی دەسەڵاتدار یا کەنترۆلکراوی پارت ئەو پرسیارانە بە تابوو دەناسێت.
د. کەمال هەروەکو پێشتر گوێی لێ نەگیرابوو, دیسان گوێی لێنەگیرا و لەبری گوێ لێگرتن و لێکۆڵینەوە لە ڕاستی یا ناڕاستی داواکانی, ئاسایش (نەک پۆلیس) گرتی, ئازاری دا و پاشان سزایەکی دیکتاتۆرانە لە دادگایەکی شانۆ ئاسادا بەسەر ئەودا سەپێندرا.

لێرەدا بەپێی ئەو دادگایە و یاسایانەی کە لە هەولێردا هەیە, بەپێی دەسەڵاتەکەی کە لەوێدا هەیە, کەسێ داواکاری لەسەر یەکێکی دیکە تۆمار بکات, ئەوە کەسە تۆمەتبارکراوەکە بێ یەکودوو دەگیرێت, پاشانیش ئەو کەسە سزا دەدرێت (ئەگەر تۆمەتەکان سەلمێندران بەپێی پێوەری سوڕێندراو و لاستیکی یاسایی ئەوێ). وەکو دیارە ئەو یاسا و سزایانە بۆ هەمووان وەکو یەک نییە و کەسانی پلە و پایە بەرز یا خزموکەسی ئەوان ناگرێتەوە, ئەو کەسەش کە هەوڵی تۆمەتبارکردنی ئەو کەسە پایەبەرزانە بدات, ئەوا یەکسەر دەگیرێت و ئازار دەدرێت و سزا دەدرێت. واتە کەسانێک لەو کۆمەڵگەیەدا هەن یاسا و سزادان نایانگرێتەوە, ئەو کەسانەش بریتین لە کەسانی دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوا و کەسوکاریان. بەمجۆرە کەسانی دەسەڵاتدار و دەوروبەریان لە خەڵکە ئاسایی و ڕەمەکیەکە گرنگترن, بەرزترن, بەبەهاترن, بەنرخترن و مرۆڤترن.

د. کەمال شانسی هەیە, نەکوژرا و بەیەکجاری گوم نەکرا, ڕەنگە لەبەرئەوە بێت ئەو هاوڵاتی ئۆتریش بووە و پشتێکی هەبووە. د. کەمال شانسی هەیە باسی دەکرێت, بەئەگەری زۆر چونکە شارەزا و نوسەرە. خەڵک هەبوو و هەیە زیندانی کران و دەکرێن, یا گومکران و گومدەکرێن و لەناوبردران و لەناودەبردرێن, کەسیش باسی نەکردن و باسیان ناکات. ئەو کەسانە ئەو مرۆڤانەن کە بەهای مرۆڤبوون و ژیانیان لەلایەن پارتی دەسەڵاتدارەوە لێسەندرایەوە و لێدەسەندرێتەوە. ئەوانە ئەو کەسانەن کە خۆیان لە خانەی مرۆڤە کەمنرخەکان, کەمبەهاکان, کەممرۆڤەکان و کەمگرنگەکاندا دەبینیەوە و دەبیننەوە.

ئەگەر بیر لەتاوان و تاوانکاری بکرێتەوە و بەچاوێکی یەکسان سەیری کەسانی تاوانبار بکرێت, کاروکردەوەکانی گەلێ لە سەرکردەکانی باشور لە ڕابردوو و ئێستادا گەلێکیان شاراوە نین و فاکتن. ئەوان واپێدەچێ پشکیان لە زۆرجۆری تاوانکاریدا هەیە. سەلماندنی تاوانبارکردنی ئەوان پێویستی بە خۆماندوکردنێکی ئەوتۆ نییە. بەڵام وەکو گوترا بیرخستنەوە و ناوهێنانیان تابوون, یاسا و سزاکان ئەوان ناگرێتەوە.

یاسای 433ی ناوزڕاندن یاسای کۆنی ڕژێمی بەعسە, ئەوەی دیکەش کە پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوایەتی کوردستانەوە هەیە گوایە لە 2003 دا هەموار کراوە. دەسەڵاتی کوردی دوو بنچینەیاسای لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە تا ئێستا مۆرکردووە, کەچی تا ئێستا کاریان پێ ناکات و واپێدەچێ ئەوەی بەعسی پێ گونجاوتر و باشترە.

سەبارەت بە ئاسایشی نەتەوایەتی ئەوەی د. کەمال کروویەتی نووسینی چەند وتارێکە, هێرشێکی ڕەخنەگرانەی توندە بۆ سەر هەندێ کەس, یا تۆمارکردنی داوایە لەسەر کەسانێک, ئەوانە هیچیان پەیوەندیان بە ئاسایشی نەتەوایەتیەوە نییە, بەڵام دیارە دادگای هەولێر لە ڕاکێشان و سوڕاندنی یاساکان وەستایە. ئەگەر مرۆ بیر لە ئاسایشی نەتەوایەتی بکاتەوە, ئەوا هەردوو پارتی دەسەڵاتدار چەندینجار هەرەشەیان لە ئاسایشی نەتەوایەتی کردووە یا زیانیان پێگەیاندووە, یا تێکیان شکاندووە. ئەگەر بیریش لە ناوزڕاندن بکرێتەوە, ڕەنگە کەس بە قەد پارتە دەسەڵاتدارەکانی باشور لەو بوارەدا وەستا نەبێ. بەڵام دیسان وەکو دیارە ئەو یاسایە ئەوان خۆیان ناگرێتەوە. ئەو یاسایانە بۆ مرۆڤە کەمبەهاو کەمنرخەکانن.

وردبوونەوە لە دیاردەی بەکارهێنانی بنچینەیاسای بەعس لە ماوەی 14 ساڵی ڕابردوودا, مرۆڤ تووشی گەلێ گومان و پرسیار دەکات. لەڕاستیدا ئەوش یەکێکە لە کارەساتە زۆر گەورەکان. (هەروەکو زۆر نوسەری دیکە بەم بۆنەیەوە ئاماژەیان بۆ کردووە).
یاسای سزادانی 1971 و ئەوانەی دیکەی سەردەمی بەعس لە ڕوانگەیەکی ڕەگەزپەرستانە و دیکتاتۆرانەی بەعسیانەوە داڕشتراون. بۆیە ئەو یاسایانە ڕەنگ لەو بیروبۆچوونە دەداتەوە و لەگەلێ لایەن و بواردا دژی ئازادی و مافی مرۆڤن.
ئەگەر خەڵکێک بانگاشەی ئازادی بکەن و بڵێن ئێمە خەبات بۆ ئازادی خەڵکی کوردستان دەکەین, کەچی هەمان یاسای بەعس بەسەر هاولاتیاندا بسەپێنن, یا بنچینەیاسایەکی مرۆڤانە و کوردستانیانە دانەڕێژن و ئەو بنچینەیاسایەی بەعس تورهەڵنەدەن, بە ناچاری دەبێ پرسیارێکی گەورە بەرامبەر بە مەبەست و تێگەیشتنی ئەو خەڵکە دابندرێت. دەکرێ بپرسین ئایا ئەتوبرێی ئەوانە لە ئازادی گەیشتبن؟ ئەوانە مەبەستیان لە ڕزگاری خەڵکی کوردستان چبوو و چییە؟ ئەوانە چۆن پێناسەی ئازادی دەکەن؟ ئایا ئازادی چەمکێکی ڕیکلامەکردنە و ئەوان وەکو ڕامیاری ڤۆنتەراتچی بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەکاریان هێنا و بەکاری دەهێنن؟ چواردەساڵی ڕابردوو وەڵامی دڵخۆشکەر نادەنە دەست.
بەگوێرەی چواردەساڵی ڕابردوو و پیادەکردنی یاسای بەعس بەکەمێ گۆڕانکاریەوە, وادەردەکەوێت ئەوان لە هەموو ئەو یاسا پیادەکراوانەی تائێستای بەعس, هەمان تێگەیشتنی بەعسیانەیان بۆ چەمکی ئازادی و مافی کەسەکانی کۆمەڵگە هەیە. بەعس وەکو کەرستە و کۆیلە لە خەڵکی دەڕوانی, پیادەکردنی یاسای ئەوان واتە سەیرکردنی خەڵک وەکو کەرستە و کۆیلە. ئەو دیاردەی جوداکاری و نایەکسانی و بێدادییەی لە کوردستاندا پیادە دەکرێت ئاماژە بەجۆرێ لە جۆرەکان بە بوونی ئەو مەنتال و ڕەوتە نامرۆڤانەیەی بەعس دەکات.

ئگەر بەراوردێکی کوردستان و بۆنمونە تورکیا بکەین, سەیر دەکەین تورکیا وەکو ڕژێمێکی ڕەگەزپەرستی ڕاسیست, ناسیۆنی تورک و بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی تورک لەسەروی هەموو بەهایەکی دیکەدا دادەنێت. تورکیا تا ئێستا بە سەدان و هەزاران کەسانی ئاسایی, نوسەر و ڕوناکبیرانی لەژێر ناوی زیانگەیاندن بە ناسیۆنی تورک و بەرژەوەندیە ناسیونالیستەکانی ئازارداوە, گومکردووە یا خستۆتە زیندان. بۆنمونە ئێستا *ئۆرهان پاموک* قوربانیی ناسیونالیزمی ڕەگەزپەرستانەی تورکیایە.

دەبێ بگوترێت, تورکیا ستاتێکی ڕەگەزپەرستە, ئەو کەسانەی تورکیا سزای داون, لە ستاتە ناسیونالیستە پێشکەوتووەکاندا سزا نادرێن, ڕەخنە و بیروباوەڕەکانیان بەئەگەری زۆر دەچێتە خانەی ئازادی بیروبۆچوون.
ئەوەی لە کوردستاندا هەیە بەهاکان و بەرژەوەندیەکانی ناسیۆن نییە کە لەسەروی هەموو بەهاکانی دیکەدا بێت, بەڵکو "کەس" وەکو سەرۆک خێڵ یا دەسەلات لەسەروی هەموو بەهاکاندایە. خەڵکی تاوانبار و ئەوانەی دژی خەڵکی کوردستان بەبەڵگە تاواکاریان کردووە لە کوردستاندا زۆرن, ئەو تاوانکارانە یارمەتیان دراوە و دەدرێت, پەنایان دراوە و دەدرێت و گەلێکیان ئەمرۆ دەسەڵاتدارن, بەڵام واپێدەچێ لە باشوری کوردستاندا خەڵک یا ناسیۆن و بەهاکان و بەرژەوەندیەکانی گشت (لەدیدێکی ناسیونالیستانەی مرۆڤانەوە) هێندە گرنگیان نییە.
ئەوەی تورکیا یا دەسەڵاتی کوردی دەیکەن, لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە و هاوبەشن, ئەویش نەبوونی پشوودرێژی و تۆلەرانسە لە ئاست چەمکێکی تابووکراودا. چەمکێک ئەوان بە پێی بەرژەوەندیان لەسەرووی چەمکەکانی دیکەیان داناوە, پیرۆزیان کردووە و مۆری تابوویان لێداوە.

بەبڕوای زۆر ئەگەر دکتۆر کەمال ڕەخنەو داواکاریەکانی دژی کەسانێکی دیکە بایە, کەس لێی نەدەپێچایەوە. ئەگەر ڕەخنە و هێرشەکانی ئاراستەی نەیارەکانی پارتی بکردبایە, ڕەنگە پارتی چەپڵەیان بۆ لێدابا یا خەڵاتیان کردبا.

لەو کۆمەڵگانەی کە یاسا و ڕەوایەتی سەروەر نییە, بەڵکو خێزان, هۆز یا پارتی دەسەڵاتدار لەسەرووی یاسا و گەلدان, سەرۆک بە مۆرێک دەتوانێ کەسێ ئازاد بکات یا دەستگیر بکات. هەر لەو ڕوانگەیەوە دوور نییە د. کەمال بەر لێبوردنی سەرۆک بکەوێت, بەمشێوەیە سەرۆک گەورەیی بەزەیی خۆی ڕیکلام بکات. دیارە ئەگەرەکانی دیکەش هەمووی کراوەن.

لەکۆمەڵگەیەکی ڕەوادا هیچ کەسێک لە کەسی دیکە بەنرختر, پیرۆزتر و مرۆڤتر نییە. هەموو وەکویەک لەبەردەم یاسادا یەکسانن. کەسەکان ئازادن و دەتوانن بیروبۆچوونی خۆیان ئازادانە بەرامبەر بە هەر دیاردە و بابەتێک دەربڕن. ئەو ئازادیەش بێ سنور نییە, ئازادی لە پێشێلکردنی ئازادی کەسێکی دیکەدا سنورەکەی دەبەزێندرێت, بەڵام ئەوکاتەش دادگایەکی مرۆڤانە بێلایەنانە تاوانباری و ناتاوانباری کەسەکە, ئەوجا ئەو کەسە هەرکێ بێت, یەکلادەکاتەوە.

کوردستان کاتێ دەتوانێ لە کۆمەڵگەی داد بدوێ, ئەو کاتەی کرێکارێک و سەرۆکێک لەبەردەم یاسادا یەکسان بن و بە یەکسانی هەلسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت. ئەوکاتەی لەسەر تاوانێک توانرا جۆتیارێکی دەشتی هەولێر و سەرۆک, وەکویەک و بەبێ شکاندنی بەهای مرۆڤبوونیان, بەبێ پێشێلکردنی مافەکانیان, بهێندرێنە بەردەم دادگا.

**2006.01.03**